


## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی

**ڕووداو :** ئەگەر مالکی هاتەوە.
**گەپ:** دوای ڕۆژێک ئەڕواتەوە!
**دەستوور :** قەزای دەربەندیخان لە هەفتەیەکدا پێنج ڕۆژ دکتۆری نییە.
**گەپ:** ئەی خۆ ناتەوێ جومعەو شەممەش بێتەوە!
**کۆمەڵ :** دوای جەژن هەڵەبجە خۆپیشاندان ئەنجام دەدات!
**گەپ:** ئەی شەشەڵان ناگرن؟
**هاوڵاتی :** چی لەدوای ١١ سێپتەمبەر ؟
**گەپ:** مەعلومە .. ١٢ سێپتەمبەر
**چاودێر:** سیناریۆی مێژوو لە نێوان حەقیقەت و واقعدا .
**گەپ:** مەیکەن بە حەلقە لە نیوەیدا رایمەگرن
**کوردستانی نوێ :** راکردن دڵ بەهێز دەکات.
**گەپ:** ئەمە بۆیە دۆڕاو گوێی ناداتێ!
**ئاوێنە :** لەمەودوا مافی ئاژەڵەکان دەپارێزرێن.
گەپ : هەروەک هی مرۆڤی لێ نەکەن باشە!
**ئاسۆ :** ئەمساڵیش (١٥) هەزار خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگا وەرناگیرێن.
**گەپ:** نێرگەلەو بلیاردو شوو خۆش بن کەس پەکی ناکەوێ!
**میدیا :** کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق چی بەدواوە دێت؟
**گەپ:** نەکشانەوە!
**ڕۆژنامە :** یاسای نەزاهەمان پێباشە، بەڵام بۆ سەر رەفە نەبێت
**گەپ:** بۆ سەر مێز باشە تەپڵیشی پێ لێ دەدرێت.
**بەڵگە :** ئەحمەد میرەی لڤین ئەم دەمانچەیەی لە کوێ بوو؟
**گەپ:** ئەڵڵاهو ئەعلەم!
**یەکگرتوو:** دادو گەشەپێدان سەرکەوت بەسەر عەلمانیەتدا.
**گەپ:** خۆشی لە خۆتان وامزانی باسی کوردایەتی ئەکەن.
**واڵا :** دەبێت گوێ لە ئۆپۆزسیۆن بگرین و سوودیان لێوەربگرین
**گەپ:** ئەی ئەگەر سوودیان پێ نەبوو چیان لێ وەرگرین؟
**هەولێر :** وەزارەتی پەروەردە پەڕاوگەی بۆ قوتابخانەکان دابین نەکرد!
**گەپ:** کتێبە کۆنەکانیشی دابەش کردەوە، عەیب نەبێت بیرکاری بە حەل کراوی !
**خەبات :** بۆچی تووڕەبوونمان درێژە دەکێشێت؟
**گەپ:** چونکە شت بە گەرموگوڕی خۆشە!
**چاودێر :** براوە دۆڕاوەکانی عیراق
**گەپ:** مەقسەدت لە قەڵبە باشەکانە؟
**دەستوور :** کەلار داوای گۆڕینی سیستەمی پۆستەو گەیاندن دەکات
**گەپ:** ئیمێلێکیان بۆ بکەنەوە کێشەکەیان حەل ئەبێت.
**نڤار:** هەندێک لە کوڕان خەرجی خۆیان لەسەر کچان پەیدا دەکەن.
**گەپ:** ئیتر وایە.. کاسپی هەر لەسەر حسابی کەسێکی ترە !!




ئەحەی دەهۆڵ

ئەقڵ و هۆشی لێبردووم لەنجەی ئەو کراس شینە
ڕەمەزانیش تەواو بوو نۆرەی حەرام نۆشینە
جادە چۆڵ و سێبەربوو کاتی بەیانی بەیانی
ماطۆڕێک هات دای لێم و قۆچانی وەی قۆچانی
بۆ دڵت دامێ و بێ دڵت کردم
لەسەر یەک نوکە بۆ رسوات کردم
لاوە لاوە لاوە بەژنت دەڵێی لاوەلاوە
نە گەیشتمەماڵەوە پارەی چوار قیستم داوە
ساڵە هەی ساڵە کەمن ئەشقی تۆم
کچەکەم جوانە تەعینیکەن بۆم
ئەی کەوی کەوی کەوی هەورازە بڵندو نەوی
تاوانی حکومەت چییە لە حەوت دەرسا ئەکەوی
هەی داد هەی بێداد خۆ من یانە نیم
عەرزێکم بەنێ خۆ ئەفغانی نیم
کراسەکەت چیتی مۆرە تۆزێ هەڵیکە زۆر شۆرە
خۆم و فاتە گیانی ژنم قاپ شۆرنیمان کرد بە نۆرە
شێتی باڵای نەجیبەم ئەڵقەو گوارە لە گوێیە
کە ئەچمە W.Cیش پێنج شەش عەرەبی لێیە







ماتۆڕ سوارەکەمان سی چل میزەڵان و دەبدەبەی کردبوو بەمەلاو بەولای ماتۆڕەکەیدا و بەلاماندا تێپەڕی، ئێمەش وتمان: ئەوە خێرە سلاومان لێناکەی؟ ئەویش دەستێکی بۆ بەرزکردینەوەو وتی: اهلێن اهلێن شلونکوم یا احباب گلبي.. ئێمەش سەرمان سوڕما، وتمان بۆچی بە عەرەبی قسە ئەکەی؟ وتی: واالله ابهای الفەترە ئانی چنت بلپارکەکان و بعت شەعرو لەبەناتی! عەلەمود ئەکسب شوەییە دەنانیر!. تومەز ئەم داماوە لە پارک و شوێنە گشتیەکان کاسبی دەکاو کوردستانیش پڕ پڕ بووە لە عەرەب کاکیشم کوردییەکەی لەبیر چۆتەوە! ئیتر وتمان: مایخاڵ خوا خراپترمان لایعطینا!.



## عەینەن یەك



### قوتابی جاران

١- لەژێر گوشاری بەعسدا دەیانخوێند.
٢- قوتابخانەکەم بێ خزمەت بوو.
٣- منافەسەی علیم و نمرەی باشیان دەکرد.
٤- قوتابی زانکۆ ناوێکی گەورەی هەبوو.
٥- تەمەڵ بوایە بە چوارساڵ پۆلێکی ئەبڕی
٦- بەچل ساڵ ئینجا ئەبوو بە مامۆستا.
٧- مەجالی دامەزراندنی زۆر بوو.

### قوتابی ئێستا

١- خوێندنی بالآیان خستۆتە ژێر گوشار.
٢- قوتابخانە زۆرەو بێ سنعەتن.
٣- ڕۆژ ڕۆژی موبایل و سەیارەو قەنافیزو سەگ سوکەیە.
٤- بلوتوزەکەت بکەرەوە با چوارت بۆ بنێرم.
٥- کەوتۆتە سەرمەزاجی دایک و باوک.
٦- مامۆستا لە ئاوی موغەزی زۆرترە.
٧- ئەبێ حەوت ساڵ وەکو ئەسحابولکەهف لە ئەشکەوت دەرس بلێتەوە، ئینجا دێتە شار!

NAMO





**ڕۆستەم زادە (نامــــۆ)**

**تایبەت بە گەپ دەینێرێ**

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



**(زۆر وتن)**

**عەبە سێ سەر**

### تەحلیلی سیاسی:

زۆر وتن پیشەی سەرەکی خەڵکانی ئـەم وڵاتـەیـەو لــەڕووی سیاسییەوە سودی لێ دەبینرێت بۆ شەحنی دەماغ و زاخاوی مێشک و فولکردنی مەغزەسەری هاوڵاتیان لە پرسە گرنگەکاندا، بۆ نمونە مــاددەی سـەدوچـل و کێشەی ناوچە دابڕاوەکان ئەوەندە گفت و گۆی لەسەر کراوە، ئێستا هەموو ئاژەڵە کێوییەکان و بیابانیەکانیش لێی حاڵی بوون تەنها حوشتر نەبێ..!!

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

درێــــژدادڕی و فـرە ڕێـسـی لـەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کارێکی نابەجێیەو دەبێتە هـۆی سـوک و سەلیم بـوونـی کابرای فرەڕێس، وە ئەم جۆرە زەلامانە هیچ کەس ناوێرێ پرسیاریان لێبکات، چونکە ئەوەندە دەڕێسن مێشکی سەرت فۆڕمات دەکەن، بۆ نمونە ئەگەر بە یەکێکیان بڵێی چ ساڵێک لـەدایـک بـووی؟ لەدرووست بوونی ئادەم و حەواوە دەست پێدەکا!!



## (هەر لۆ فشەی)

شێخە فشە

دیار بوو سایەق تەکسیەکە هەر لۆ فشەی قسەی زۆر خۆش بوو، لۆی گێڕامەوە گۆتی: ئەوێ ڕۆژێ بە (خصوصی) چوومە شەقلاوەی خێزانەکی عارەبم هەڵگرت.. کیژەکیان لەگەر بوو، چاوی دەتگۆ بنی ، سەرەڕای جوانیەکیەی زۆر قسە خۆش بوو، ڕووی تێ کردم و بە پێکەنینەوە گۆتی: (چتان دەوێ کورستان جەنە) لۆخۆتان هەموو ڕۆژێ دەچنە مەسیف و شەقراوەی دەچنە جوندیان بێخار و ئەحمەداوەو سەرچنارو سوارەتووکەو سەرسەنگ.. ئەمنیش هەرلۆفشەی رووم تێ کردو گۆتم: دە بەو خوایەی قسەکت پێ دەرێم، مەعلومە پێم باوەڕ نەکەی ئەمن هەر لە ساری ١٩٨٨ کە ئەو کاتەی عەسکەر بووم هەتا هەنووکە پێم بە شەقراوەی نەکەتیە!!



### ئابووری:

زۆر وتن لەڕووی ئابوورییەوە زیانێکی ئەوتۆی نیە، بەڵام خوانەخواستە گوێی شەیتان کەڕبێ ئەگەر زۆر وتنەکە لەعانی دانیشتنەکانی پەرلەماندا بێ، ئەوا ئەوکاتە ژێرخانی ئابووری وڵات دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی سەرفکردنی بودجەی ساڵێک بۆ کڕینی بیپسی و ڤانتاو ئاوی مەعدەنی!!






## له ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١- له دوو سێ ڕۆژ پێش جەژنداو لەبیست و حەوتی گەلاوێژی خالۆژنم ببورن مانگی گەلاوێژی ئەمسالّداو بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە کەناسەکانی گۆمەڵگای کەسنەزان لەدەرگای ماڵبەماڵیان دەدا بۆ پارەی جەژنانە، بەلاّم پێش جەژن و بیست ڕۆژ دوای جەژنیش نەمانبینی زبڵ و خاشاکی کۆلانەکان پاک بکەنەوە!.

٢- له ڕۆژێکی چوارشەمەداو لەبەرواری پانزەی نۆی چەپلّەلێدانی سالّی دەهەزارو دەی مەنهەجی قەدیمیدا، یەکەم زەنگی دەستبەکاربون و دەستپێکردنەوەی خوێندن لەسەرتاسەری خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان لێدراو پێشوازییەکی گەرم و بەلەزەت تەعمیری قوتابخانەو نۆژەنکردنەوەی گیرفانی موهەندیس و مقاولەکان کرا.

٣- له سالّێکی وەک ئەمڕۆداو لەڕێکەوتی یانزەی سێبتەمبەری سالّی دوو هەزارو یەکی ئیرهابیدا، دوو بینای گەورەی بازرگانی له وڵاتی ئەمریکا کەوتنە بەر هێرشی تیرۆرستی و پان و پلیش کرانەوە، له بەرامبەریشدا ئەفغانستان و عێراقیان کرد به فلیم!!

## تیاترۆ

عوسە سویچ

شەمسە/ ئەلو.
باقی/ ئەلو گیان
شەمسە/ چۆنی کاک ئارام؟
باقی/ ئارام نیم گوڵەکەم باقیم.
شەمسە/ من بەنازم تۆ کێیت کاک باقی چ کارەیت؟
باقی/ باقی بەساقەت بێت من مدیرعامم له دائیرەی هین.
شەمسە/ کاک باقی پرسیارێک بکەم؟
باقی/ باقی بەساقەت بێ سەد پرسیار بکە.
شەمسە/ ژنت هێناوە؟
باقی/ وەڵا ژنم هەبوو بەس دوساڵە تۆ خۆش.
شەمسە/ خوا عەفوی کات.
باقی/ کورە لەولاتر چێت ئەی تۆ شووت کردوە؟
شەمسە/ ناوەڵا منیش مەکتەبم تەواو کردوە ئینشاڵلا بەتەمام.
باقی/ ئەی بۆ نایەیت تەعینت کەم و زەواج بکەین.!!!
شەمسە/ باشە باش باقیەکە تۆش ئەزانی من کێم؟
باقی/ نە نە نەوەڵلا.
شەمسە/ شەمسەی ژنتم درۆزن!
باقی/ ئەو ژمارەی داوات کردووە ڕایکرد بۆ سەرئاو..!!

